ئەم کتێبە

●پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

# ئاوا پۆڵامان ئاودا

گەڕام بۆ ئەو کتێبە لەبەر فراوانیو پەشێویی کتێبخانەکەم نەمدۆزی یەوە، لەبەر ئەوە؛ هەر ئەوەی لەبیرم ماوە دەینووسم.

کتێبەکە بەڕووسی ناونراوە (تاك زەکەزاڵسە ستال)و بەعەرەبی کراوە بە (والفولاڎ سقیناه) کە وەرگێڕانی ڕاستی بەو جۆرەی سەرەوەیە, نووسینی (ئەسترۆڤسکی)یە.

لەمێژووی ئەدەبی ڕووسیدا چەند (ئەسترۆڤسکی)یەك هەیە، ئەمەیان گەیشتۆتە سەردەمی سۆڤێتی.

کە کتێبەکەم لەسالانی پەنجای سەدەی بیستەمدا دەخوێندەوە چەند جارێك لای ڕستەیەك دەوەستام "وا گڕ هەموو جیهانی گرتۆتەوە، کۆیلەکان هەستاون"، کە لە کتێبەکە بوومەوە سەیر ئەکەم وەرگێڕ یا چاپکەری ڕووسیش ئەو ڕستەیەیان لەسەر بەرگەکە نووسیووە.

ئەگەر ئێستا کتێبەکە پەیدابکەمەوە زۆر حەز بەوە دەکەم بیکەم بەکوردی، چونکە (گڕێ)ی ڕۆمانەکە بۆ ئەمڕۆی ئێمە زۆر گونجاوە.

نووسەر باس لە کۆمەڵێك کرێکار دەکات کە دەسەلاتی سۆڤێتیی تازە دامەزراو پێی سپاردوون" لە ماوەیەکی کەمدا هێڵی ئاسن بگەێننە شارێك کە بوونی ئەو هێڵە زۆر بۆ باری ئابووریی تازە پێویست بوو.

کرێکاران شەوو ڕۆژ بێ پشوو کار دەکەنو پێش وەخت هێڵەکە دەگەێنن.

بۆ ئەمڕۆمان.. با لایەنی سلبی بخەینە لاوە، لە پێشکەوتنی وولات بگەڕێین، دەمێکە باسی هێڵی ئاسنی نێوان سلێمانیو کەرکووكو سوودی دەکرێ، با هێزی بازوو بەو خوێن گەرمی یەی ئەوانەوە دەست بدەنە کارو ئێمە (ئەسترۆڤسکی) ئاسا ئەوەندەیتر خوێن گەرمییان بۆ بخولقێنینو بیر لە دووا ڕۆژی وولات بکەینەوەو بەجیهان بڵێین "گڕ هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، زوڵم لێکراوان هەستاون".

لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی نیشتمانیی ڕۆما

**ئا. قوباد**



ئەم کتێبخانەیە سالی ١٨٧٦ دامەزراوە، پاشماوەی ئەو کتێبخانەیەیە کە لەسەدەی شانزەیەمدا لەبنکەیەکی مەسیحیدا هەبووەو خاوەنی دەستنووسە کۆنەکانو چاپکراوی دیکە بووە. سالی ١٩٧٥ گوێزراوەتەوە بۆ بینا نوێیەکەی کە لەکۆندا بارەگای پاسەوانی ئیمپراتۆریی ڕۆمانەکان بووە، ڕووبەری کتێبخانەکە ٥٠ هەزار مەتر دووجایەو دابەشکراوە بەسەر بەشەکانی: پاراستنی کتێب کە لە ١٠ نهۆمدایە، ژوورەکانی بەڕێوەبردنو کارگێڕی، هۆڵەکانی نمایش کە لە پێنج نهۆمدایەو هۆڵی سیمینار. ئەمانە وێڕای ژوورەکانی خوێندنەوەی تایبەتو ژووری کۆبوونەوەکانو کافتریا، لەگەڵ باخچەکان.

**ئەرکەکانی کتێبخانەکە**

گرنگترین ئەرکی ئەم کتێبخانەیە بریتییە لە دابینکردنو پاراستنو خستنەبەرچاوی بەرهەمی ئیتالی، لەگەڵ چاپکراو و دوکیۆمێنتی بیانی، بەتایبەت ئەوانەی سەبارەت بەولاتەکەن.

لەگەڵ خزمەتگوزاریی بیبلیۆگرافیای نیشتمانییو بەخشینی ژمارەی سپاردن بە چاپکراوەکان.

**پێکهاتەکانی کتێبخانەکە**

لەڕێی بەخشینی ژمارەی سپاردنو وەرگرتنی دیارییەکانەوە، هەروەها کڕینی سەرچاوەکان، هەر لەسەرەتاوە کتێبخانەکە دەوڵەمەندکراوە، هەرچۆن کەسایەتییە روناکبیرییەکان چاپکراوەکانی خۆیان بەخشیوەتە کتێبخانەکە، ئێستا خاوەنی ئەمانەیە:

- ٦ ملیۆن بەرگ لە کتێبەکان
- ٨ هەزار دەستنووس
- ٢٥ هەزار چاپی کۆنی کتێبەکان
- ٢٠هەزار نەخشە
- ٥٠ هەزار لە خولاوەکان
- ٣٤ هەزار نامەی دکتۆرا

لەگەڵ سەرچاوەکانی بیستنو بینین..درێژیی تاچنەکانی(رفوف) پاراستنی سەرچاوەکان بریتین لە ١١٢ کیلۆمەتر.

ڕێگایەکی تری زیادبوونی سەرچاوەکان بریتییە لە ئالوگۆڕ لەگەڵ کتێبخانەکانی ئیتالیاو دەرەوە. خولاوەکان بەچاپی کاغەزینو مایکرۆفلمو نەوارو CD پارێزراون.

دەستنووسەکانیش تایبەتن بەئایینی مەسیحیو پێرستی کۆنو گریکی ڕۆژهەلاتی.

**هۆڵەکانی کتێبخانەکە**

١٣ هۆڵ لەم کتێبخانەیەدا دەرگایان والایە کە بریتین لە هۆڵەکانی: ڕۆژنامە، سەرچاوە فەرهەنگییەکان، کۆمەڵە تایبەتەکان، دەستنووسە دەگمەنەکان، سەنتەری نیشتمانیی بۆ توێژینەوەی دەستنووسەکان، زمانو ئەدەبیات، گەنجینە، زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانستی کۆمەلایەتیو یاسایی، هونەرو شوێنەوارناسی، نمایش، موزیك، لەگەڵ هۆڵی زانستە پراکتیکییەکان.

**دەوامی کتێبخانە**

لەهاوینی ئەمسالدا، دەوامی ئەم کتێبخانەیە بەم جۆرەیە:

ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی، لە سەعات ٨,٣٠ی بەیانی تا ٧ی ئێوارەو ڕۆژانی شەممە لە ٨,٣٠ی بەیانی تا ١,٣٠ی پاشنیوەڕۆ.

لە نووسینگەی پرسگەدا، کە ئەلقەی یەکەمینە لەنێوان کتێبخانەو هامشۆکەراندا، تەماشای بەلگەنامە دەکرێتو دوای دلنیابوون لێی، ڕێنمایی پێویست دەدرێتە هامشۆکەر بۆ سوود وەرگرتن.

www.bncrm.librari.beniculturali.it



ئەو(١٠) کتێبەی جیهانیان هەژاند

# پێنجەم: خەباتی من

**ئا. راستی**



هیتلەر

ئەدۆلف هیتلەر(١٨٨٩–١٩٤٥) لە شارێکی نەمسای سەر سنووری ئەلمانیا لەدایك بووە، بەلام زیاتر خۆی بەئەڵمانی دەزانی، کاتێ دایكو باوکی مردوون تەمەنی سیانزە سالان بووە، ئیدی دەستی لە خوێندنی قوتابخانە هەلگرتووە، بووەتە وێنەگرو سەرکەوتوو نەبووە تیایدا، ئیدی ویستویەتی لە تەلارسازیدا کار بکات، بەلام بەهۆی هەژاریی خوێندنیەوە لەویشیاندا دووبارە ناکام بووە.

هیتلەر خۆی دەڵێت؛ هەر ئەو ماوەیەی لە ڤییەننا ژیاوە زۆری خوێندووەتەوە، بەتایبەت کتێبەکانی مێژوو، کتێبێك کە لەسەر جەنگی فەڕەنسی ـ پروسی بووە سەرنجی ڕاکێشاوەو وایلێکردووە شانازیی زۆر بکات بەنەژادی ئەڵمانییەوە، باوەڕی بەچارەنووسی ئەڵمان هێناوە وەك خودا خۆی بۆی نووسیوە، هاوکات رقێکی زۆری لە جوولەکە بووەتەوەو چارەی هەموو سلاڤیو غەیرە ئارییەکانیشی نەویستووە.

هەرچەندە خوێندکارێکی بەئاگای پلانەکانی جەنگ بووە، بەلام بەدرێژایی ژیانی ڕقی لە مارکسیزم بووە، هەرچۆن حەزی بە دیموکراسییەتو دامەزراوەکانی نەبووەو ئەوەش لە کۆبوونەوەکانی رایخسراتی نەمساویدا بەروونی دەرکەوتووەو بە ڕێبازێکی کاریگەری نەزانیوەو هەموو ئەوانە لە کتێبەکەیدا(خەباتی من) خراونەتە ڕوو. کاتێ ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم هەلگیرساوە بووەتە سەرباز لە تیمێکی لەشکری باڤاریدا، بەرلەوەی شەڕ گەرم ببێت بە گازی کوشندە زامدار بووەو بەرامبەر ئەوە دوو میدال کراوە بەسنگییەوەو پلەکەشی بەرزکراوەتەوە بۆ چاوەش.

بەشکستی ئەڵمان گەلێ غەمبار بووەو جامی تووڕەیی پڕبووەو پێی وابووە کە ئەو شکستە بەهۆی جوولەکەو مارکسیزمەکانو لایەنگرانی ئاشتییەوە بووە.

کە گەڕاوەتەوە میونیخ بەشداریی سیاسەتی کردووەو بووەتە ئەندام لە(پارتی کرێکارانی ئەڵمان)دا؛ کە هەوێنی حیزبی نازی بووە،دوای ماوەیەکی کورت جڵەوی حیزبەکەی گرتووەتە دەست، بەرنامەی حیزبەکە بەخواستی هیتلەر چووە بەڕێوەو شکستی بە دەزگا تەشریعییەکان هێناوەو پرەنسیبی ملکەچیی کوێرانەی بۆ سەرکردە سەپاندووە.

سالی ١٩٢٣ هەولی کودەتایەکی داوەو سەری نەگرتووەو بۆماوەی یەك سالّ حوکمی زیندانیی بەسەردا دراوە. لەوێ بەشی یەکەمی یاداشتەکانی بەناوی(خەباتی من) نووسیوەتەوە، سالی ١٩٢٦ بەشی دووەمی نووسیوە، بڕوای بە ئەڵمانیا هەبووە کە یان دەبێ هێزێکی جیهانیی بێت، یان هەر بوونی نەبێت، هەرچۆن سەبارەت فێرکردنو خوێندن بڕوای بەوە نەبوو خوێندن هەر لە کتێبەکانەوە بێت، بەڵکو بەپلەی یەکەم فێرکردنو تەندرووستی جەستەییو دووەم گەشەکردنی کاراکتەری مرۆڤ بەپێی پرەنسیبە سەربازییەکانو ئینجا پەروەردەکردنی مێشك لەڕێی خوێندنەوەوە. هیتلەر دیموکراسییەتی بەتیۆری فریودان داوەتە قەلەم، چونکە مرۆڤ هەمووی بەیەکسانی دەبینێت، لای ئەویش هەر بیروڕایەك کۆدەنگیی جیهانیی لەسەر بێتو مافەکان بەیەکسان ببینێت ئەوا زیانبەخشو وێرانکارە!

هیتلەر لە سەروو هەموو کەسێکەوە بووەو بەرپرسیاریی هەموو ئەو کردەوانەی لەئەستۆ بووە کە کردوونی یاخود نەیتوانیوە بیانکات.

لە ئەڵمانیا ملیۆنان دانە لە(خەباتی من) فرۆشراون، هەر بووكو زاوایەکی نوێش دانەیەکیان بەدیاری پێ دراوە، بەلام پێویست بووە لەسەر هەر ئەندامێکی حیزبی نازیو هەر کارمەندێکی مەدەنی کە دانەیەکی لێ دابین بکەن.

ئەگەر تەماشای (خەباتی من) بکرێتەوە، ئەوا مێژوونووسان بڕیار دەدەن کە هیتلەر هیچ لە مێژوو نەگەیشتووە، زانایانی ڕەگەزە مرۆییەکانیش دەلێن بۆچوونەکانی لەسەر ڕەگەزی مرۆڤ بێ سەروبەر بووە، ئەوە تێڕوانینی بۆ پەروەردەوفێرکردن لەولاوە بوەستێ کەوا تێڕوانینی سەدەکانی ناوەند بوون.

هیتلەر ئاوێتە بووە لەژێر کاریگەریی(هونەری ماکیاڤیلی) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کە دووربووە لە ڕەوشتو نەتەوەخوازیی ڕۆمانتیکی(واجنەر)و گەشەکردنی ئۆرگانی(داروین)و مەسەلەکانی ڕەگەزپەرستی بە زیادەڕۆییەوە وەك(جۆنینۆ).

دواجار، خەباتی من سەرچاوەی یەکەمە بۆ دیکتاتۆرەکان لە هەر کوێیەك بن، ئەوانەی بڕوایان بەماکیاڤیلی هەیە.

سەرچاوە: (ملحق اوراق المدى) ٢٠١٠/٥/٢٣







بەرگی کتێبی (خەباتی من) بە ئەڵمانیو عەرەبی